# بۆ مێرد لە هاوسەری خۆی دەدات ؟



گۆران

هەڵەبجەیی

دیاردەی زەبروزەنگی نێو خێزان دیاردەیەکی نویٚ نیە, بەڵکو لەدێرزەمانەوە لەگەڵ پەیدابوونی خێزاندا سەری هەڵداوە .بە پێشڤەچوونی مێژوو ئەم دیاردەیەش بەردەوامی خۆی وەرگرتووەو فۆرم و شێوازی جۆراوجۆری لێپەیدابووە.وە ئەمەش تایبەت نیە بە نەتەوەیەك یا کۆمەڵگایەك یا کەلتوورێك بەڵکو دیاردەیەکی جیهانیەو هەموو وڵاتێکی جیهانی گرتوەتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم دیادەیە بەردەوام لە زیادبووندایە وە ئامارەکان وانیشان دەدەن کە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دووچاری لێدان دەبن لەهەلکشاندایە.

بۆ دۆزینەوەیچارەسەر یاخود کەمکردنەی ئەم ڕەوەشتەناشیریتە چەندین کۆنفرانسی جیهانیو هەرێمی گرێدراوە هاوکات هەرلەو ڕووەوە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە بابەتی جۆراوجۆر پێشکەشکراوە.

www.kurdistanet.org

گومان لەوەدانیە بەشێکی زۆری نائارامی و نابەختیارو شلۆقی ناو خێزان



دەگەڕێتەوە بۆ توونددوتیژی

پیاو بەرامبەربە هاوسەرەکەی, کە زۆر جار ئاکامەکەی بە تێکدانی شیرازەی خێزان و جیابوونەوەو سەرگەردانی منالّەکان کۆتایی پێهاتووە.

هۆکاروفاکتەرودەرئەنجامەکانی شەڕانگیزی پیاو لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەك لەکۆمەلّگایەکەوە بۆ کۆمەلّگایەکی دیکە جیاوازە . لێ هەندێ خالّیهاوبەش لەزۆربەی کۆمەلّگاکاندا یەکدەگرنەوە کە دەکرێ لەمانەدا چڕیان بکەینەوە.

- هەژاری وباری خراپیئابوری خێزان کەدەشێ لە بێکاری پیاودا بەرجەستە ببێت.
- جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری نێوان ژن ومیرد.
- سووشتی نائارامی و تووڕەیی نەخۆشی دەروونی پیاو.
- پەروەردەی سەقەتی نێوخێزان و کۆمەلّگا.
- هەولّدانی مێرد بۆ کۆنترۆلّکردنی خێزان و نیشاندانی پیاوەتی خۆی.
- دلّپیسی پیاو لە هاوسەرەکەی.
- دووژنی یا فرەژنی یابوونی پەیوەنی نهێنیبەخۆشەویستێکی دیکەوە{ناپاکی هاوسەریەتی}.
- دەستتێوەردانی کەس وکاری ژن ومیرد لە پیرۆزی و تایبە مەندیەتیخێزان .
- شێوازی ناکۆك و جیاواز لە سەر مەسەلەی پەروەردەی مندالدا.

- لەیەك نەگەشتن بە هۆی جیاوازی کەلتوورەوە.

وەك لەسەرەتادا ئاماژمم پێدا ئاکامی ئەم کردەوەیە لەزۆرحاڵەتدا بە جیابوونەوە کۆتایی پێدێت ,بەتایبەتی پاش ئەوەی کاردەگاتە سنورێك ئافرەتەکە چیتر بەرگەی ئەو لێدان و سوکایەتیە ناگرێت.

لێ ئەم تەلاّق وەرگرتن وجیابوونەوەیە وابەسانایی ڕوونادات بەتایبەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە کۆمەڵگایەکی پاشکەوتوو یەخسیری کۆمەڵێك دابوونەریتی چەقبەستوون.

دەشێ و هەرواشە کە مەسەلەی جیابوونەوە بۆ ئافرەتێکی ئەورووپی یا هەروڵاتێکی دیکەی پێشکەوتوو زۆرسانابێت.

لەم حاڵەتەدا ئافرەتەکە بێگویدانە هەڕشەی میردوو ئاکامی سەلبی بۆسەرخێزانەکە تەلاّقی خۆی وەردەگرێت و جیادەبێتەوە,کەئەوەش مافی خۆیەتی بەتایبەتی پاش ئەوەی ژیانی هاوسەریەتی لێدەبێتە دۆزەخ.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیدی ژیاتی ئەو ئافرەتە دەوەستێت وناتوانێت سەرلەنوێ هاوسەر بۆخۆی پەیدابکات. بەڵکو هەوڵی پێکەوەنانی خێزانی نوێدەدات و زۆر جاریش سەرکەوتووبووە.هاوکات یاساش مافی مناڵەکانی پاراستووە {گەرمناڵ لەنێواندا هەبێت}کەلای دایك بمێننەوە یا باوك, وە پتر باوە کەلای دایکیان دەمێننەوەو , بەردەوامیش بەوکیان دەبینن.

{ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە داخۆ ئەو ئافرەتە لەتەك میردیدووەمیدا بەختیاردەبێت یاخود دەرگای دۆزەخێکی دیکەی بۆ دەکرێتەوە.}

کەواتە لەم حاڵەتەدا ئافرەت نە ئەبێتە قوربانی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و نە ڕێگەش بەخۆیدەدات جەستەی ببێتەخۆراکی پاراستنی بەرژەوەندی خێزان.

وەلێ ئەم مەسەلەیە {جیابوونەوە} لەکن کۆمەڵگا دواکەوتوەکان بەجۆرێکی دیکەیە کە ئاکامەکەی باجێکی مەزنە و ئافرەتەکە دەیدات.

زۆرن ئەو ژنانەیکە بێدەنگی هەڵدەبژێرن ولایکەس باسی لێدان ناکەن.هۆکارەکانی ئەم بێدەنگیەش دەشێئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

www.kurdistannet.org

- لەوانەیە کەسێکی شەرمن بێت و باسکردنیبە سووکی بزانێت.
- ترس لە دەورووبەرنەکا بە خاپ و ناشیرین باسی بکەن وحسابی ئەوەی بۆبکەن کە لە رەوشت لایداوە.
- ترس لە دووچاریگرفتی خێزان کە تەلاقدانی لێبکەوێتەوە.
- ترس لە ماڵی باوکی خۆی کەلەوانەیە پاڵپشتی میردەکەی بگرن.یا بەزۆر درابێت بە شوو.
- ترس لە ئاینده نەکا ببێتە بێوەژن .

ئەم خالەی دووایان زۆرگرنگەو کاریگەری تایەتی لەسەر ئافرەت هەیە, چونکە بەرلەوەی هەر ئافرەتێك لەوانەی تووشی لێدان دەبن بیر لە باسکردنییا جیابوونەوە بکاتەوە یا بۆچارەسەرێکی شیاو بگەرێت دەبێ هەزارو یەك حساب بۆ ئاکامەکەشی بکات. لەوانەیە وورووژاندنی ئەو مەسەلەیە کێشەکان قووڵترکاتەوەو تەلاقی لێبکەوێتەوە,ئەو دەمە ئافرەتەکە لە دۆزەخی خێزانەوە دەگوازێتەوە بۆ دۆزەخی کۆمەلگا.

ئاشکرایە لای ئێمە ئافرەتی بێوەژن ئەگەر گەنجیش بێت لە چ بارو دۆخێکدا دەژی. بەبێوەژن بوون خۆی لە خۆیدا تاوانێکە بەبالای ئافرەتدا دەبرێت,وەك ئەوەیکارێکینابەجێی کردبێت.لە زۆربەی خێزانەکاندا لەمالەوە {واتەماڵی باوکی}بەجۆرێکی جیاوازلە بەر تەلاقدان هەڵسوکەوتی لەتەکدا دەکەن. بێ ئەوەی بیرلەوەبکەنەوە کەئەویش مرۆڤەو خاوەنی هەستەو تەحەمولکردنی لێدان و سوکایەتی سنووردارە.{ئەمە هەردووحالەتەکەدەگرێتەوە واتە تەلاق وەرگرتن وتەلاقدراو}.

بێوەژن تا ئەو دەمەی شوودەکاتەوە لە دۆخێکی دەرونی زۆر خراپ و ناهەمواردا دەژی .

دۆزینەوەی هاوسەریش بۆ بێوەژن کارێکی پرزەحمەتە, خۆگەر بەخت یاوەری بوو میردیکردەوە لەوانەیە بەئاسوودەیی ژیان بەسەرەرێت. لەوانەشە تووشی پیاوێکی کەللەپووت ببێت کەوەك کالای دەستیدوو مامەڵەی لەتەکدا بکات.

دەرودراوسێو دەورووبەر هەندیجاربەچاوی بەزەیی هەندیجاریش بە تانەو تەشەرلێیدەڕوانن,کەدەبوو لەبری ئەوە ڕۆژانە سەدجار تف ونەعلەت ونەفرەت بۆئەو کەسە بنێرن کە ئەو ئافرەتەیکردوەتەبێوەژن.

★ ★ ★

لەولاَتێکی گچکەی وەك دانمارکدا دیاردەی توونددوویژی پیاو بەرامبەربە ژنەکانیان لە پەرەسەندندایە کە ئافرەتی بێگانەشی گرتووەتەوە.زۆرلەو ئافرەتانەش هەلدێن و پەنا بۆسەنتەرەکانی دالدەیئافرەتان دەبەن.

لەکۆتایی سالی پادا ڕێکخراوەکانی ئافرەت دژبەتووندووتیژی لە 20باژێڕی ولاَتەوە بەسەرپەرشتی وەزارەتی کۆمەلاَیەتی کۆنفراسێکیان گرێدا.

مەبەستیسەرەکیش لەو کۆنفرانسە دۆزینەوەی چارەسەرێك بوو بۆ ئەومەسەلەیە, هەر بۆیەش کۆنفرانسەکە لە ژێرناوی {پێویستە توونددوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت بوەستێنرێت}

هەزارەها پلاکێتیان لەودرووشمە لە زۆربەی شارەکانی ولاَتدا لە گۆڕەپانەکان وشەێنە گشتیەکان ونێو پاس و شەمەندەفەرو میترۆو تاد هەلواسی.

لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی بێگانەش بەتایبەتی سەربەڕۆژهەلاَتی نێوین بەرلێدان دەکەون بۆیە پلاکێتەکان وێرای زمانی دانمارکی بە زمانەکانی ,ئنگلیزی, تورکی ,عەرەبی, سۆمالیش نووسرابوون.

هەرلە میانەی ئەو پرۆسێسەدا لە دووسالی ڕابردوودا پترلە 70ملیۆن کرۆن بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە تەرخان کراوە . یەکێك لەو پێشنیارانە ئەوەیە کە پێویستە لە ڕوی دەرونیو ڕوەکانی دیکەوە یارمەتی ئەوجۆرە پیاوانە بدرێت کە لە هاوسەرەکانیان دەدەن. هاوکات تا ئێستا 30 دانەی دیکە سەنتەری ئافرەتان کراوەتەوە ,کە تایبەتن بەو ژنانەی دووچاری لێدان دەبن کە لەوێدا چ خودی ئافرەتەکەچ مندالەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی دەدرێن.

یەکێك لەوگرفتانەی ڕووبەڕووی ئەو ناوەندانە بووەتەوە ئەوەیە کە هەندێ لە ئافرەتە دالدەدراوەکان پاش ماوەیەك دەگەڕێنەوە بۆلای مێردەکانیان

**کەئەوانیش واتە مێردەکانیان دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك دەستدەکەنەوە بە پەیڕەوکردنیخووەکۆنەکانیان . بۆیە لە کاتی ئێستادا ئەرکی گرنگ و سەرەکی چارەسەرکردنی ئەو پیاوانەیە بەتایبەتی لە ڕوی پەروەردەیی و دەروونیەوە وەفێربکرێن کە ڕێز لە هاوسەرەکانیان بگرن.**

**فاکتای توندوتیژی بەرامبەربە ئافرەت لە دانمارك :**

- **ساڵانە65000ئافرەت دووچاری لێدان یا هەڕەشەی لێدان دەبن.وە ئەم ژمارەیە ماوەیچەندین ساڵە ستابیلە .**
- **ساڵانە 29000 زارۆك بەچاوی خۆیان لێدانی دایکەکانیان دەبینن.**
- **سەلانە نزیکەی 2000 ئافرەت هەمان ژمارەیمنداڵانیش لەگەڵ دایکانیاندا پەنا بۆ سەنتەرەکان دەبەن {کریسە سەنتەر}.**
- **لە 41 0/0ی ئەو ئافرەتانەی پەنا بۆ ئەوسەنتەرانە دەبەن بێگانەن.**
- **لەساڵی ڕابردوودا 339 ئافرەت بەهۆی خەستی لێدان وسەختی زامەکانیانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەکان کران.**
- **لە هەموو دانمارکدا پتر لە 40سەنتەری داڵدەی ئافرەتان هەیە کە بەردەوام پڕن لە ئافرەت و زارۆك.**

**بۆ یارمەتی دان و بەهانا هاتنی ئەو ئافرەتانەی بەر لێدان دەکەون وەزارەتی کۆمەڵایەتی چەند کار ئاسانیەکی کردووە. لەوانە :**

- **ئەو کارمەندانەی لەو سەنتەرانەدا کاردەکەن گەرەکە ئاشناییان بە کەلتوورو داب و نەریتی بێگانەکانەوە هەبێت,ئەمەش لە ڕێگەی چەندکۆرسێکەوە ئەنجام دەدرێت کە وەزارەتی ناوبراو پێی هەڵدەستێت.**
- **بەبێ بەرامبەرپێشنیازی یارمەتی پیاوەکان دەکات.**
- **لەڕێگەی هێلی خێراوە {تەلەفون}شەوڕۆژ دەکارن پەیوەندی بە ڕاوێژکارانەوە بگرن.**

www.kurdistanet.org

- زانیاری وەرگرتن لەڕێگەی لاپەڕەی ئینتەرنێتەوە کەتایبەتە بەو مەسەلەیە.
- لە زۆربەیدەرمانخانەو ئارایشتگاو لای پزیشکەکانیش هەمان ئامۆژگاری و زانیاریلە شێوەی چەند لاپەڕیەکی بچوکدا دەستدەکەوێت.

لەکۆتایدا گەرەکمە ئەم پرسیارەبکەم کە دەڵێ : گەر لە وڵاتێکی وەك دانمارك پێشکەوتوو وە خاوەن شارستانی و ئابووری بەهێز و تا ڕادەیەکی زۆریش مافی ئافرەت دەستەبەرکراو ئەمە حاڵی نیوەی کۆمەڵ بێت , ئەدی دەبێ نیوەکۆمەڵەکەی لەمەڕخۆمان لەچ دۆخێکدا بن؟
بێگومان وەڵامەکەی لای هەموان دەستدەکەوێت.

یادی هەشتی ئازارلە هەموو خووشکان ودایکان و هاوسەران دوورلە زەبروزەنگ پیرۆزدەکەم.
سەرچاوە: ڕۆژنامەی URBAN ژمارە 212

halabja@ofir.dk

www.kurdistannet.org